**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٣٠٥٨ لە ١٤/ ٥ /٢٠٢٠**

پاڵپشت بەحوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم)ی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، و بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٢٢٠) لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو و بەرکار لە هەرێم بەپێی یاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ دەرچوێنراو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٢٠) لە ڕێکەوتی ٢٢/ ١/ ٢٠٢٠ بڕیاریدا بە دەرچوواندنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:

## پەیڕەوی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠
## پەیڕەوی پیادەکردنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری لە هەرێمی کوردستان -عێراق

### بەشی یەکەم
### پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی (١) :**ئەم وشە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان هەیە لە هەر شوێنێکی ئەم پەیڕەوەدا هاتبن:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری پێکهێنراو بەپێی ئەم پەیڕەوە.

**سێیەم: پەیڕەو**: پەیڕەوی پیادەکردنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری لە هەرێم.

**چوارەم: پیشە**: پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری، و هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی پیادەی دەکات کە مۆڵەتدراوە بە پیادەکردنی ئەم پیشەیە بەپێی ئەم پەیڕەوە.

**پێنجەم: دیوان**: دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم.

**شەشەم: کۆمەڵە**: کۆمەڵەی زانستیی ژمێرکارانی یاسایی لە هەرێم.

**حەوتەم: سەندیکا**: سەندیکای ژمێرکاران و وردبینان لە هەرێم.

**هەشتەم: پەیمانگە**: پەیمانگەی باڵای زانستە دارایی و ژمێریارییەکان لە هەرێم.

**نۆیەم: نەقیب**: نەقیبی ژمێرکاران و وردبینان لە هەرێم.

**دەیەم: چاودێری ژمێریاری**: ئەو کەسەی هەڵگری بڕوانامەی ژمێرکاری یاساییە و مۆڵەتدراوە بە پیادەکردنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری بەپێی ئەم پەیڕەوە.

**ماددەی (٢) :**ئامانجی ئەم پەیڕەوە بریتییە لە ڕێکخستنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری لە هەرێم بەو شێوەیەی دەبێتە مایەی مسۆگەرکردنی پاراستنی ئابووریی هەرێم و مافە ڕەواکانی گشت ئەو لایەنانەی مامەڵەیان لەگەڵ یەکتری هەیە یان گرێبەستکارن لە کۆمپانیا و ڕێکخراو و دامەزراوە و کەسانی دیکەی خاوەن پەیوەندی و پەیڕەوکردنی ستاندارد و ڕێساکانی حەوکەمە بەسەریان.

## بەشی دووەم
## ئەنجومەن

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** بەپێی ئەم پەیڕەوە ئەنجومەنێك پێکدەهێنرێت بۆ لەئەستۆگرتنی ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری بەناوی (ئەنجومەنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری لە هەرێم) لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانج و مەبەستانەی لەم پەیڕەوەدا هاتوون، و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕییە.

**دووەم:** سەرۆکی دیوان یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات و لە ئەندامێتی ئەمانەی خوارەوەش پێکدێت:

١- نوێنەری ئەم لایەنانەی خوارەوە (کە پلەی هەر یەکێکیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت):

أ- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باج و خانووبەرەی دەوڵەت.

ب- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

ج- دیوان.

٢- سەرۆکی کۆمەڵە.

٣- بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان.

٤- نەقیب یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات.

٥- دوو کەس لەوانەی مۆڵەتدراون بە پیادەکردنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری لەوانەی بە کردارەکی پیادەی پیشەیان کردووە لە هەرێم بۆ ماوەیەك کە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت و کۆمەڵە دەستنیشانیان دەکات، و ئەندامێتیان بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ دەبێت کە شیاوی نوێکردنەوەیە بۆ تەنها یەکجار.

**ماددەی (٤):**

ئەنجومەن ئەمانەی خوارەوە لەئەستۆ دەگرێت:

**یەکەم:** بڕیاردانی پلانی ساڵانەی ئەنجومەن کە لایەنەکانی چالاکی پیشەیی و کارگێڕی و بڕە پارەی پێویست بۆ مایەدارکردنی ڕوون دەکاتەوە لەبەر ڕۆشنایی داهاتە پێشبینیکراوەکان و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان.

**دووەم:** ئاڕاستەکردنی پیشە بەو شێوەیەی دەبێتە مایەی پاراستنی ئابووریی نیشتمانیی و مافە داراییەکانی لایەنەکانی کۆمەڵگە بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگە تایبەتمەندەکان لە هەرێم.

**سێیەم:** پەرەپێدانی ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی.

**چوارەم:** بەخشینی مۆڵەتی پیادەکردنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە و نوێکردنەوەیان ساڵانە.

**پێنجەم:** دانانی ئاکارکردنی پیشەیی بۆ پۆلینەکانی کەسانی مۆڵەتدراو بە پیادەکردنی پیشەی دیاریکراو بەم پەیڕەوە و مافەکانی هەر پۆلینکراوێك.

**شەشەم:** بەدواداچوونی کاری کەسانی مۆڵەتدراو بە پیادەکردنی پیشە بۆ دڵنیابوون لە ئاستی پابەندبوونیان بە پەیڕەوکردنی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە و ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی بەپێی ئەو شێوازانەی ئەنجومەن بە باشی دەزانێت.

**حەوتەم:** بڕیاردانی پلانی گونجاو بۆ پەرەپێدان و ڕاهێنانی کەسانی مۆڵەتدراو بە پیادەکردنی پیشە بۆ بەرزکردنەوەی کارامەیی بەجێگەیاندنی کارەکانیان، و ڕەخساندنی پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەم پلانانە.

**هەشتەم:** پێشکەشکردنی ڕاوێژی تەکنیکی لەو پرسانەی پەیوەندیدارن بە کاری کەسانی مۆڵەتدراو بە پیادەکردنی پیشە.

**نۆیەم:** لێپرسینەوە لە کەسانی سەرپێچیکار بۆ حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە و ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی و سەپاندنی سزای بەرزەفتەیی دەرهەقیان.

**دەیەم:** پاراستنی مافەکانی کەسانی مۆڵەتدراو بە پیادەکردنی پیشە.

**یازدەم:** هەماهەنگی و هاوکاریکردن لەگەڵ دامەزراوە و پەیمانگە و ڕێکخراوە پیشەیی و زانستییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ پشتیوانیکردنی پیشە بەو شتانەی نوێن و یارمەتیدەرن لە پەرەپێدانیان.

**دوازدەم:** بەشداریکردن لە پەرەپێدانی ڕێساکان و بەڵگەکانی ژمێریاری و وردبینیکردن.

**سێزدەم:** دیارکردنی بڕە پارەی وەرگیراو لە بەرامبەر بەخشینی مۆڵەتی پیادەکردنی پیشە و نوێکردنەوەی ساڵانەی.

**چواردەم:** دیارکردنی ئەرکە تێروتەسەلەکانی پێکهاتەکانی ئەنجومەن و شێوازەکانی جێبەجێکردنیان بۆ ئەم ئەرکانە.

**پازدەم:** پێکهێنانی هەر لیژنەیەك ئەنجومەن بە پێویستی بزانێت لە نێوان ئەندامەکانی و کەسانی پیادەکاری پیشە بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** دارایی ئەنجومەن لەمانەی خوارەوە پێکدێت بەو مەرجەی بۆ مەبەستەکانی هێنانەدیی ئامانجەکانی تەرخان بکرێت لەناو بودجەی ساڵانەی ئەنجومەن:

١- ڕەسمی بەخشینی مۆڵەتی پیادەکردنی پیشە و ساڵانە نوێکردنەوەی.

٢- ئەو بەخشینانەی لە هەر لایەنێکەوە پێشکەش دەکرێن کە یاسا و پەیڕەوە بەرکارەکان ڕێگەی پێدەدەن.

**دووەم:** ژمێریاری ئەنجومەن ملکەچ دەبێت بۆ وردبینیکردن لەلایەن چاودێرێکی ژمێریاریی مۆڵەتدراو کە کۆمەڵە کاندیدی دەکات لەسەر داوای ئەنجومەن و ژمێرە پەسەندکراوەکانی لە ڕاگەیاندنەکان بڵاودەکاتەوە. ئەمەش ڕێگر نابێت لە چاودێریکردنی ژمێریاری ئەنجومەن لەلایەن دیوانەوە.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** ئەنجومەن کۆبوونەوەکانی خۆی لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی دەبەستێت بەو مەرجەی لە ساڵێکدا لە سێ کۆبوونەوە کەمتر نەبێت و ڕێژەی یاسایی بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامان دێتەکایەوە.

**دووەم:** ئەنجومەن بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان وەردەگرێت و ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەوا ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆك لەگەڵیدایە جگە لەو بابەتانەی پەیوەستن بە ڕاسپاردەکانی هەردوو (لیژنەی پەسەندکردن و پەرەپێدان و لیژنەی بەرزەفتەکردن) کە لە ماددەی (٧)ی ئەم پەیڕەوە دەقیان لەسەرکراوە بە جۆرێك پەسەندکردنیان بە پشتگیری سێ لەسەر چواری دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان دەبێت.

**ماددەی (٧)** :ئەنجومەن ئەرکەکانی لە ڕێگەی ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات:

**یەکەم:** سکرتاریەت، بارەگای کارەکانی لە ئەنجومەن دەبێت یان لەهەر شوێنێك ئەنجومەن دیاری بکات و دەبەسترێتەوە بە سەرۆکی ئەنجومەن یان ئەو کەسەی تەخویلی دەکات و فەرمانبەرێکی ناخۆتەرخانکار سەرۆکایەتی دەکات لەوانەی لێهاتوون لە چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری کە ئەنجومەن دەستنیشانی دەکات و ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن کە ئەنجومەن دەستنیشانیان دەکات بۆ هەڵسان بە کاری ڕێکخستن و کارگێڕییەکانی تایبەت بە ئەنجومەن و لیژنەکانی، سەرباری:

١- دەرکردنی بڵاوکراوەی ناوبەناوی (دەوری) پەیوەندیدار بە پرسەکانی پیشە و ئەو کەسانەی مۆڵەتدراون بە پیادەکردنی.

٢- دەرکردنی بڵاوکراوەی ساڵانە بە ناوی کەسانی مۆڵەتدراو بە پیادەکردنی پیشە و ناونیشانی تەواویان.

**دووەم:** ئەم لیژنە پسپۆڕانەی خوارەوە ئەنجومەن پێکیان دەهێنێت، بریتیین لە:

١- لیژنەی پەسەندکردن و پەرەپێدان، بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامێتی دووان لە ئەندامانی ئەنجومەن.

٢- لیژنەی بەرزەفتەکردن، بە سەرۆکایەتی نوێنەری دیوان لە ئەنجومەن و ئەندامێتی دووان لە ئەندامانی ئەنجومەن و یەکێك لە فەرمانبەرانی سکرتاریەت سکرتێری لیژنەکە دەبێت.

٣- لیژنەی بەدواداچوون بە سەرۆکایەتی نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری لە ئەنجومەن و ئەندامێتی دووان لە ئەندامانی ئەنجومەن.

## بەشی سێیەم
## پیادەکرنی پیشە

**ماددەی (٨) :**مۆڵەتی پیادەکردنی پیشە دەبەخشرێتە کەسی عێراقیی نیشتەجێبوو لە هەرێم بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١- هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگەی باڵای زانستە دارایی و ژمێریارییەکان بێت لە هەرێم یان ئەوەی هاوتایەتی.

٢- وەك چاودێری ژمێریاریی ژێر ڕاهێنان کاری کردبێت لە دیوانی چاودێریی دارایی یان لە ژێر سەرپەرشتی کەسێکی مۆڵەتدراو بە پیادەکردنی پیشە بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە دوو ساڵ لە ڕێکەوتی بەدەستهێنانی بڕوانامە زانستییەکەی.

٣- بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەرێم نیشتەجێ بێت سەبارەت بە کەسی سروشتی، و بنکەیەکی بەڕێوەبردنی هەبێت لە هەرێم سەبارەت بە کەسی مەعنەوی.

٤- لە هیچ پێکهاتەیەکی دیکەی ژمێرکارە یاساییەکان لە دەرەوەی هەرێم ئەندام نەبێت.

٥- سوێندی یاسایی بخوات لە بەردەم هەریەکە لە سەرۆکی ئەنجومەن و نەقیب و سەرۆکی کۆمەڵەی زانستیی ژمێرکارە یاساییەکان بەم شێوازەی خوارەوە:

**(سوێند بە خودای مەزن، ڕێز لە ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی بگرم، و لەکاتی بەجێگەیاندنی ئەرکە پیشەییەکانم یان لە میانەی پەیوەندییەکانم لەگەڵ هاوپیشەکانم پابەند بم بە دەق و ڕوحی حوکمەکانی، خودای گەورەش لەسەر ئەوەی دەیڵێم شاهێدە).**

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** داواکارییەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی پیادەکردنی پیشە پشتبەستوو بەو بەڵگەنامەنەی هاتنەدی ئەو مەرجانەی لەم پەیڕەوە دەقیان لەسەرکراوە دەسەلمێنن، پێشکەش بە سکرتاریەتی ئەنجومەن دەکرێت وەك دەسپێکێك بۆ خستنەڕووی لەبەردەم لیژنەی پەسەندکردن و پەرەپێدان.

**دووەم:** مۆڵەتی پیادەکردنی پیشە دەبەخشرێتە ئەو کۆمپانیایانەی بۆ ئەم مەبەستە دادەمەزرێن بەو مەرجەی گشت دامەزرێنەرەکانی لەو کەسانە بن کە لێهاتوون بۆ پیادەکردنی پیشە بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە.

**سێیەم:** لیژنەی پەسەندکردن و پەرەپێدان بۆی هەیە خاوەنی داواکارییەکە بانگهێشت بکات بۆ ئامادەبوون لە بەردەمی و ڕوونکردنەوەی لێ وەربگیرێت سەبارەت بەوەی بەپێویستی دەزانێت

**چوارەم:** لیژنەی پەسەندکردن و پەرەپێدان ڕاسپاردەکانی بە زۆرینە دەردەکات و لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکارییەکە بۆ ئەنجومەن بەرزی دەکاتەوە بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکرێت لە یەکەم کۆبوونەوەی گرێدراوی ئەنجومەن لە دوای پێشکەشکردنی داواکارییەکە.

**پێنجەم:** لە کاتی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە پێویستە بڕیاری ڕەتکردنەوەی هۆدار بێت.

**شەشەم:** پێشکەشکاری داواکارییەکە بۆی هەیە داواکارییەکی نوێ پێشکەش بکات لە دوای نەمانی هۆی ڕەتکردنەوەکە.

**حەوتەم:** بڕیارەکانی ئەنجومەن ئەوانەی لەم ماددەیە ئاماژەیان پێکراوە شیاوی تانەلێدان دەبن لەبەردەم دادگای کارگێڕی بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.

**ماددەی (١٠) :**

**یەکەم:** چاودێرانی ژمێریاری ئەوانەی مۆڵەتدراون بە پیادەکردنی پیشە بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە لەسەر بنەمای شارەزایی و پیادەکردن پۆلین دەکرێن بۆ:

١- **پۆلینکراوی یەکەم**، ئەو چاودێرە ژمێریارییانە دەگرێتەوە کە پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریارییان پیادەکردووە بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (١٠) دە ساڵ لە دوای وەرگرتنی مۆڵەتی پیادەکردنی پیشە و پیادەکردنی کارەکانیان بە کردارەکی بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە و دوای دەرچوونیان لەو خولانەی لە ئاکارکردنی پیشەیی دیارکراون.

٢- **پۆلینکراوی دووەم**، ئەو چاودێرە ژمێریارییانە دەگرێتەوە کە مۆڵەتدراون بە پیادەکردنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری دیارکراو بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە.

**دووەم:** ماوەی پیادەکردنی پیشە لە دیوان بە هەند وەردەگیرێت بۆ مەبەستەکانی دیارکردنی پۆلینکراوی دەقنووسکراو لەم پەیڕەوە، و بە هەمان شێوە بۆ کەسانی لێهاتوو ئەوانەی پیادەکردنی کردارەکی پیشەیان بۆ دەسەلمێنرێت لەفەرمانگەکانی دەوڵەت و بە بڕیارێکی ئەنجومەن.

**ماددەی (١١) :**ئەنجومەن دانانی ڕێکسازیی تایبەت لە ئەستۆ دەگرێت کە لە ڕێگەیەوە جۆر و قەبارەی ئەو کارانە دیار دەکرێت کە دەکرێت بۆ چاودێری ژمێریاری پەسەندیان بکات لەگەڵ نزمترین ئاستی کرێ بەو مەرجەی ئەمانەی خوارەوەی تیادا ڕەچاو بکرێت:

**یەکەم:** چاودێری ژمێریاریی سروشتی لە پۆلینکراوی یەکەم و کۆمپانیاکانی چاودێریی و وردبینی ئەوانەی نابێت ماوەی پیادەکردنی پیشەی یەکێك لە ئەندامەکانی لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر بێت، بۆیان هەیە چاودێریی و وردبینی بکەن بۆ ژمێریاری گشت جۆرەکانی کۆمپانیا و کەسە سروشتی و مەعنەوییەکان.

**دووەم:** چاودێری ژمێریاری پۆلینکراوی دووەم بۆی هەیە چاودێریی و وردبینی بکات بۆ ژمێریاری کەسە سروشتی و مەعنەوییەکان و گشت جۆرەکانی کۆمپانیا جگە لە کۆمپانیای هاوبەشداریی (الشركات المساهمة).

**سێیەم:** جیاوازیکردن لە نێوان کەسی تەواو خۆتەرخانکار بۆ پیادەکردنی پیشە و کەسی خۆتەرخانکار بە شێوەیەکی بەشەکی.

## بەشی چوارەم
## ماف و ئەرکەکانی چاودێری ژمێریاری

**ماددەی (١٢) :**سەرباری ئەو مافانەی یاساکان بڕیاری دەدەن، چاودێری ژمێریاری بۆی هەیە:

**یەکەم:** سەیرکردنی پەڕاوەکانی لایەنی ملکەچبوو بۆ وردبینی و تۆمارنامەکانی و بەڵگەنامەکانی و ئەو پەڕاو و دۆکیومێنت و گرێبەستانەی تایبەتن پێیانەوە.

**دووەم:** داواکردنی هەر ڕوونکردنەوەیەك یان دەرخستنێك کە بە پێویستی بزانێت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی لە هەر کارمەندێکی لایەنی ملکەچبوو بۆ وردبینی.

**سێیەم:** ئەنجامدانی جەردکردن لەو کاتەی بە گونجاوی دەزانێت بۆ گەنجینەکانی لایەنی ملکەچبوو بۆ وردبینی و کۆگاکانیان و ئەوەی لەخۆی گرتووە لە پەڕاوی دارایی و نەختینە و بەڵگەنامە و دۆکیومێنت و کاڵا و کەلوپەل و هی دیکە.

**چوارەم:** دڵنیابوون لە هەبووەکانی (موجودات) لایەنی ملکەچبوو بۆ وردبینی و ماف و پابەندییەکانی.

**پێنجەم:** دەستکەوتنی زانیاری تەکنیکی پەیوەندیدار بە چالاکی لایەنی ملکەچبوو بۆ وردبینی و بەرهەمەکانی و سەردانیکردنی کارگە و کارخانە و کۆگا و نووسینگە و شوێنەکانی کارکردن و پرۆژەکانی، و وەرگرتنی ڕوونکردنەوە لە کەسانی پسپۆڕ دەربارەی ئەو لایەنە تەکنیکییانەی پێویستی پێیانە بە گوێرەی پەیوەستبوونی پرسەکە بە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی.

**شەشەم:** ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتیی کۆمپانیای هاوبەشداریی (الشركات المساهمة) کە تیایدا گفتوگۆ دەکرێت لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی خۆی پێشکەشی کردووە دەربارەی ژمێرەکانی یان ئەو پێشنیارەی لەلایەن ئەنجومەنی کارگێڕییەوە پێشکەشکراوە لەسەر دامەزراندنی چاودێرێکی دیکەی ژمێریاری لەجیاتی ئەو.

**ماددەی (١٣) :**پێویستە لەسەر چاودێری ژمێریاری:

**یەکەم:** پابەند بێت بە ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی عێراقی و ستانداردەکانی بەجێگەیاندن ئەوانەی ئەنجومەن لە ڕێکخستنی پیشە پەیڕەویان دەکات.

**دووەم:** پابەند بێت بە ستانداردەکانی چاودێریی پەیڕەوکراو لە عێراق.

**سێیەم:** ڕێکخستنی ئەو نووسینگەیەی کاری تیادا دەکات بەو شێوەیەی دەبێتە مایەی دەستەبەرکردنی پارێزگاریکردن لە پەڕاوەکانی کار و داتا و بەڵگەنامەکانی سەلمێنەر بۆ هەڵسانی بەچاودێریکردن و وردبینیکردنی ژمێریاری بۆ ماوەیەك لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

**چوارەم:** چەسپاندنی ناو و واژووی ئەو کەسانەی سەر بەئەون لەوانەی هەڵساون بە چاودێریکردن و وردبینیکردنی ژمێریاری لەسەر پەڕاوەکانی کاری نووسینگە.

**پێنجەم:** گرتنەدەستی تۆمارنامە و بەڵگەنامەی ژمێریاریی دەربارەی کارەکانی نووسینگە ئەوانەی وێنەیەکی تەواو دەدەن لەسەر چالاکی و دەرئەنجامی کارەکانی.

**شەشەم:** کۆنەکردنەوە لە نێوان کارەکانی ڕێکخستنی ژمێریاری و چاودێریکردنی ئەو ژمێریارییە لەلایەن چاودێری ژمێریاری یان هاوبەشەکانی یان یاریدەدەرەکانی.

**حەوتەم:** ئاگادارکردنەوەی سکرتاریەت لە ناونیشانی یان هەر گۆڕانکارییەك تیایدا لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی کردنەوەی نووسینگە یان گۆڕینی ناونیشانی.

**هەشتەم:** نەدرکاندنی ئەو نهێنییانەی کە لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی تێیدەڕوانێت مەگەر لەو سنوورانە بێت کە بە یاسا دیارکراوە.

## بەشی پێنجەم
## ئامادەکردن و شیاندنی ژمێرکارانی یاسایی

**ماددەی (١٤) :**

**یەکەم:** پەیمانگەیەك دادەمەزرێت بە ناوی (پەیمانگەی باڵای زانستە دارایی و ژمێریارییەکان) خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی کارگێڕیی و دارایی دەبێت لەو سنوورانەی لەم پەیڕەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

**دووەم:** ئامانجی پەیمانگە بریتییە لە ئامادەکردن و شیاندنی ژمێرکارانی یاسایی بۆ پشتیوانیکردنی پیشە بە کادیری پێویست لە هەرێم و بەرزکردنەوەی ئاستی بەجێگەیاندنی.

**سێیەم:** ماوەی خوێندن لە پەیمانگە لە (٣) سێ ساڵی ڕۆژمێریی کەمتر نابێت لە دوای بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی لە ژمێریاری، و پێداویستییەکانی خوێندن لە پەیمانگە فێرکردن و ڕاهێنانی زانستی و ئامادەکردنی توێژینەوەی پراکتیکی بەپێی ڕێوشوێنی زانکۆیی لەخۆ دەگرێت.

**ماددەی (١٥) :** (دەستەیەکی سەرپەرشتیار) سەرپەرشتی پەیمانگە دەکات بە سەرۆکایەتی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ئەندامێتی هەر یەکە لە:

**یەکەم:** سەرۆکی ئەنجومەن.

**دووەم:** نەقیب.

**سێیەم:** سەرۆکی کۆمەڵە.

**چوارەم:** نوێنەرێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

**پێنجەم:** بەڕێوەبەری پەیمانگە.

**ماددەی (١٦) :یەکەم:** دەستەی سەرپەرشتیار ئەم تایبەتکارییانەی خوارەوە لەئەستۆ دەگرێت:

١- سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی پەیمانگە و وێناکردنی سیاسەتەکانی.

٢- بڕیاردانی پەیکەربەندی ڕێکخستنەکی و پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگە.

٣- ڕەزامەندیدان لەسەر پلانەکانی وەرگرتنی ساڵانە و پەسەندکردنی ئەنجامەکان.

٤- پەیڕەوکردنی پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندن و ڕاهێنان.

٥- بڕیاردانی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی ساڵانە.

٦- بەخشینی بڕوانامە بەو کەسەی پێداویستییەکانی پەیمانگەی تەواو کردووە.

٧- پێشنیارکردنی بودجەی ساڵانەی پەیمانگە.

**دووەم:** دەستەی سەرپەرشتیار بۆی هەیە بەڕێوەبەری پەیمانگە تەخویل بکات بە دەسەڵاتە کارگێڕی و دارایی و زانستییەکانی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی پەیمانگە و هێنانەدی ئامانجەکانی.

**ماددەی (١٧) :** پەیمانگە بڕوانامەی (ژمێرکاری یاسایی) دەبەخشێت، بە بەرزترین بڕوانامەی پیشەیی لە بواری پسپۆڕی دادەنرێت و هەڵگرەکەی شیاو دەبێت بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی پیادەکردنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری.

**ماددەی (١٨) :**

**یەکەم:** پەیمانگە بەڕێوەبەرێکی دەبێت، بە بڕیاری ئەنجومەن لەسەر ڕاسپاردەی دەستەی سەرپەرشتیار دادەمەزرێت، بەو مەرجەی ژمێرکاری یاسایی بێت لە (پۆلینکراوی یەکەم).

**دووەم:** بەڕێوەبەری پەیمانگە هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پەیکەربەندی ڕێکخستنەکی پەیمانگە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی، و بۆ دەستەی سەرپەرشتیار بەرزی دەکاتەوە بە مەبەستی بڕیاردانی.

## بەشی شەشەم
## بەرزەفتەکردن

**ماددەی (١٩) :** چاودێری ژمێریاری لەم حاڵەتانەی خوارەوە دووچاری لێپرسینەوە دەبێت:

**یەکەم:** سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە.

**دووەم:** سەرپێچیکردنی ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی.

**سێیەم:** ڕەتکردنەوەی لایەنە سوودمەندەکان و پەیوەندیدارەکان بۆ ژمارەیەك لەو ژمێریارییانەی لەلای ئەوەوە لە ماوەی یەك ساڵدا وردبینیکراون بەپێی ئەو ڕێکسازییەی ئەنجومەن دیاری دەکات.

**چوارەم:** ژمێرکار لێبوردنی بۆ ناکرێت لە بەرپرسێتی مەدەنی و سزاکاری دەرئەنجامی هەڵسانی بە شاردنەوەی زانیاری دارایی لە دەسەڵاتی دارایی کە بۆتە هۆی خۆدزینەوەی کەسی ڕاسپێردراو لە باج یان لە ڕەسم بە شێوەیەکی تەواو بێت یان بەشەکی.

**ماددەی (٢٠) :**

**یەکەم:** ئەو سەرپێچییەی زانیاریی نووسراوی لەسەری دەگاتە ئەنجومەن یان کۆمەڵە ڕەوانەی لیژنەی بەرزەفتەکردن دەکرێت لە ڕێگەی سکرتاریەتی ئەنجومەن لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی هاتنی.

**دووەم:** لیژنەی بەرزەفتەکردن لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی گرێدەدرێت بۆ تێڕوانین لەو سەرپێچییانەی بۆی ڕەوانە کراون.

**سێیەم:** لیــژنەی بەرزەفتەکـردن ئەو کەسـەی سـەرپێچییەکەی خـراوەتە پـاڵی بانگهێشـت دەکـات بـۆ ئامادەبوون لەبەردەمی و لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی بە بێ پاساوێکی ڕەوا، ئەوا بۆی هەیە سزای بەرزەفتەیی دەرهەقی دەربکات، لە دوای دڵنیابوون لە دروستی ئەو زانیارییانەی بۆی هاتووە.

**چوارەم:** دانیشـتنەکانی لیـژنەی بەرزەفتەکـردن نهێنـی دەبـن و پێویسـتە سکرتێری لیـژنە لەسـەر هەر کێشەیەك کۆنووسـێك بنووسـێت لە تۆمارنـامەیەکی تـایبەت بەو حوکمـانەی بەرزەفتەکـردن کە لەلایەن ئەوانەوە دەرکراوە.

**پێنجەم:** لیـژنەی بەرزەفتەکردن بۆی هەیە پەیوەندی بکات بە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتـی تـێکەڵاو و تــایبەت بــۆ تێــڕوانین لە بەڵگەنــامە و تۆمارنــامە و زانیــاری پەیوەندیــدار بەو کێشــانەی خراونەتەڕوو.

**شەشەم:** بڕیارەکانی لیـژنەی بەرزەفتەکردن بە زۆرینە دەردەچن.

**حەوتەم:** بڕیارەکـانی لیــژنەی بەرزەفتەکـردن ملـکەچ دەبـن بـۆ پەسـەندکردنی ئەنجـومەن و بڕیـاری ئەنجومەنیش دەربارەی سزا بنبڕ دەبێت.

**هەشتەم:** لیـژنەی بەرزەفتەکردن بۆی هەیە یەکێك لەم سزایانەی خوارەوە بەسـەر کەسـی سـەرپێچیکار بسەپێنێت:

١- ئاگـادارکردنەوە کە بە نووسـراوێك دەبێـت لەلایەن سـەرۆکی ئەنجـومەن تیـادا هۆیەکـانی سـزاکە لەخـۆ دەگرێـت و ئاڕاسـتەکردنی بە دووبـارە نەکـردنەوە ئەو سـەرپێچییەی خـراوەتە پـاڵی بە پێچەوانەوە سزای دیکەی بەرزەفتەکردن دەرهەقی پەیڕەو دەکرێت.

٢- بێبەریکردن لە پیادەکردنی پیشە بۆ ماوەیەك لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت.

٣- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت و سڕینەوەی ناوی کەسی سەرپێچیکار.

**ماددەی (٢١) :**

**یەکەم:** سکرتاریەتی ئەنجومەن بە پۆستی تۆمارکراو بە ئاگاداربوون بەو سزایەی ئەنجومەن پەسەندی کردووە دەنێرێت لەسەر ئەو ناونیشانەی لە تۆمارنامەکانی چەسپێندراوە.

**دووەم:** بڕیارەکــانی لیــــژنەی بەرزەفتەکــردن لە دوای پەســـەندکردنیان لەو بڵاوکــراوە ناوبەنــاوەی سکرتاریەتی ئەنجومەن دەری دەکات و لەسەر تابلۆی ڕاگەیاندنەکان لە کۆمەڵە بڵاودەکرێتەوە.

## بەشی حەوتەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی (٢٢) :**دیوان دەبێتە لایەنی کەرتیی تایبەتمەندی پەیوەندیدار لەوەی پەیوەستە بە بەخشینی مۆڵەت بەو کۆمپانیایانەی بەپێی ئەم پەیڕەوە دادەمەزرێن بۆ مەبەستەکانی پەیڕەوکردنی یاسای کۆمپانیاکانی بەرکار لە هەرێم.

**ماددەی (٢٣) :**چاودێرانی ژمێریاری ئەوانەی پەسەندکراون بەپێی حوکمەکانی (پەیڕەوی پیادەکردنی پیشەی چاودێریی و وردبینیی ژمێریاری ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٨٤) و تاوەکو ئێستا ئەم سیفەتەیان هەیە بە (چاودێری ژمێریاری بۆ پیادەکردنی پیشە) بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە لە قەڵەم دەدرێن.

**ماددەی (٢٤) :**ئەنجومەن بۆی هەیە پیادەکردنی پیشە بۆ ئەو کەسەی شیاوە بۆی بەر لە بەرکاربوونی ئەم پەیڕەوە بە هەند وەربگرێت بۆ مەرجەکانی پیادەکردنی دواتری بۆ مۆڵەتدانی بەکارکردن بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەناوی خۆی.

**ماددەی (٢٥) :**ئەنجومەن بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە دەربکات.

**ماددەی (٢٦) :**ئەم پەیڕەوە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**